# بنچینەیاسای کوردستان، ئەگەر و پرسیارەکان

## شاخەوان شۆڕش

بەگوێرەی هەواڵەکانی ئەم دواییە بنچینەیاسای (دەستور) کوردستان[1]، زۆربەی بەش و بڕگەکانی نوسراوەتەوە و زۆری نەماوە تەواو بێت. گوایە ئەو دەستەیەی بە کاری ئامادەکردن و نوسین هەستاون پەیوەندیان بە زیاتر لە 5000 کەسی شارەزا لەمبارەیەوە کردووە. دوای چەند ڕۆژێک د. نوری تالەبانی گلەیی لەوە کرد کە بنچینەیاساکە بە زمانی عارەبی نوسراوەتەوە.

لەم وتارەدا سەرنج دەخرێتەسەر ئەو بار و کەشەی بنچینەیاساکەی تێدا دەنوسرێتەوە، دیاردە ناگونجاوەکان و کاریگەریان لەسەر پرۆسەکە، پێشنیاری هەندێ لایەنی گرنگی بنچینەیاسایەکی گونجاو لەگەڵ داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان. ئەو ئەگەر و پرسیارانەی لە ئەنجامی بوونی بنچینەیاسای ئێراق و لێدوانە پرسیارئامێزەکانی بەرپرسانی باشوری کوردستان سەبارەت بە بوونی بنچینەیاسایەکی جودا لەوەی ئێراق، هەروەها ئەگەری کارپێکردنی بنچینەیاساکە.

پێویستە بگوترێت دەبوایە بنچینەیاسای کوردستان بەر لە هەڵبژاردنی کوردستان لە 1992 ئامادە بکرابایە و پەرلەمانی کوردستان هەر ئەو ساڵە تاووتوێی بکردبایە، لە گشتپرسیەکدا بیخستبایە بەر هەڵوێستی گەل، پاشان هەلبژاردنی دیکەی بەپێی ئەو بنچینەیاسا پەسندکراوە بکردبایە و دەسەلاتی جێبەجێکردن و یاسادانانی هەڵبژاردبایە. لەبەر گەلێ هۆ ئەوە نەکرا، لەوانە لاوازی هوشیاری نەتەوایەتی، نائامادەیی، وابەستەیی و ڕەوتی ئۆتۆنۆمیخوازی سەرانی دەسەڵاتدار هۆکاری سەرەکی بوون. بەواتایەکی دیکە ئەگەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان گیرۆدەی ڕەوتی وابەستەیی و ئۆتۆنۆمیخوازی نەبایە و خاوەنی ترادیسیۆنێکی سەربەخۆخواز بایە، بەئەگەری زۆر ئەوە ئۆتۆماتیکی دەکرا.

دوای ئەو هەموو گۆڕانەی بەسەر باشوری کوردستاندا هات، دوای ڕوخانی بەعس بە سێ ساڵ، ئێستا هەواڵی ئەوە هەیە، بنچینەیاسا زۆری نەماوە تەواو بێت. دیاریش نییە تا چەندیتر دوادەخرێت، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە لەبەر یەکلانەبوونەوەی کێشە گرنگەکانی نێوان کورد و عارەب ئەویش دوابخرێت. هەروەها لەو بارەی باشوری کوردستانی تێدایە و بە پێی ئەو ڕێکەوتنەی سەرانی دەسەڵاتدار لەگەڵ عارەبانیان کردووە، بنچینەیاسای کوردستان، بنچینەیاسای هەرێمێکی فیدراڵە و لە خاڵ و بڕگەکانی بنچینەیاسای سەنتراڵ سەربەخۆ نییە.

لە باشوری کوردستاندا دەسەڵاتداران بەسەر دوو باڵی ڕامیاری ناحەزبەیەک دابەش بووین. لەسایەی ئەواندا لە 1991 ەوە تا ئێستا دیموکراسی بوونی لە کوردستاندا نییە و پاوانیش کراوە. تێگەیشتن و لێکدانەوەی پارتیپەرستانە و نادیموکراسیانە لە نێو دەسەڵاتدارانی کوردستاندا باویان هەیە. تێگەیشتن و لێکدانەوەی کۆنسێرڤەتیوانە و ئیسلامپارێزانە لای سەرانی دەسەڵاتدار پشتگیریان هەیە. کاربەدەست و دەسەڵاتداران بەگشتی پەروەردەی کەلتوری خۆگونجاندن و وابەستەیین. نوسینەوەی بنچینەیاسا لەژێر کاریگەری ئەو کەشە ڕامیارییە ناوخۆییە نایەکگرتوو، لاواز و ناگونجاوەدایە. نوسینەوەی بنچینەیاسا لە کەشێکدا دەنوسرێت، کە مرۆڤی کورد، بەتایبەتی دەسەڵاتدارەکان هێشتا دڵەڕاوکێیان بەرامبەر بە ڕەوایەتی مافە ناسیونالیستەکانی کوردستان هەیە، هەروەها ئەوان خۆیان مۆری سنوری سوری نەتەوەی باڵادەستیان بەسەر خۆیاندا کردووە. ئەوەش بەئەگەری زۆر کاریگەری خراپی لەسەر ناوەڕۆکی بنچینەیاساکە دەبێت. بۆیە واپێشبینی دەکرێ بنچینەیاساکە زیاتر ڕەنگ لە تێگەیشتن و گیرۆدەیی دەسەڵاتداران بداتەوە لەوەی هەوڵ بدات لە ئاستی داخوازییە کوردستانیەکان و سەردەمیەکاندا بێت. بەمجۆرە واپێشبینی دەکرێت، کەوا ئەوان بنچینەیاسایەک پەسند بکەن کە سنورە سورەکانی بنچینەیاسای گشتی لەبەرچاو دەگرێت.

**بنچینەیاسا دەنوسرێتەوە و بەپێی گەلێ سیستەمی دیموکراسی دوای نوسین و ئامادەکردنی دەبێ بچێتە پەرلەمان و ئەوان پەسندی بکەن، ئەوجا بخرێتە بەر ڕیفەراندەم. دیارە تائێستا نازانرێ چی لە بنچینەیاساکەدا نوسراوە، یا ئەو بنچینەیاسایە چەند لە ئاستی داخوازیە مۆدێرن و پێشکەوتوخوازەکان دایە. بەڵام لە وڵاتێکی دیموکراسیدا کە تیایدا ئەندامانی پەرلەمان بەڕاستی نوێنەری گەلن، هیوا بەوانەوە زۆرە کە ئەوان پێیدابچنەوە، مشتومڕێکی کۆنکریتی، ئازادانە و ئازایانەی لەسەر بکەن، خاڵە نەگەتیڤەکانی لابدەن و پوختی بکەن. بەڵام وەکو پێشتر دیتیتمان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ باهۆزی پارتەکەیاندا سەما دەکەن و بەرلەوەی بیر لە بەرژەوەندی گەل بکەنەوە، بیر لە موچەی خۆیان و هەڵوێستی سەرۆک و پارت دەکەنەوە. بۆیە مەترسی ئەوە هەیە، ئەگەر بنچینەیاساکە لە ئاستی پێویستیش نەبێت، بەڵام پەسند بکرێت و بخرێتە بەر هەڵوێستی خەڵک. کە پێموایە وەکو پرسە گرنگەکانی پێشوو، خەڵک ڕوونکردنەوەی تەواویان پێنادرێت، بەمجۆرە خەڵک بە ناتێگەیشتنەوە نائازادانە دەنگی "بەڵێی" بۆ دەدەن و هەڵپەڕکێیەکی گەوری بێئاگایی بۆ ساز دەکەن.**

**گومان لەوەدا نییە گەر بنچینەیاسایەک بیەوێ لە ئاستی داخوازی گەلی کوردستان و داخوازییە سەردەمیەکاندا بێت (بەبێ گوێدانە بنچینیاسای فیدرالی ئێراقی[2]، هەروەها بەبێ گوێدانە ڕەوتی ئێراقچیانە و کۆنسێرڤەتیوانەی بارزانی و تاڵەبانی) پێویستە:**

**یەکەم: بنچینەیاسا ناسنامەی گەلی کوردستان بە روونی دیار بکات، وەکو گەلێکی سەربەخۆ پێناسەی بکات، ئاماژە بە ژێردەستەیی نارەوای لەمێژینەی ڕابردووی بکات، واتە ئاماژە بە سەردەمی کۆلۆنیکراوی کوردستان لە هەر سێ قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا (عوسمانی و قاجاری هتد، کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا، کۆلۆنیالیزمی ناوچەیی) بکات. هەروەها مافی چارەنوس وەکو مافێکی بێئەملا و ئەولا دیار بکات. سنوری جوگرافی وڵات بەڕوونی دیار بکات. سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان لە سەرچاوەی سروشتی وڵات جێگیر بکات. بەپێی ڕێکەوتنە نێونەتەوەیەکان سەبارەت بە مافەکانی ستاتی ناسیونال، سەربەخۆیی تەواوی ستاتی کوردستان لە بەڕێوەبردن، کاروباری ناوخۆیی، مافی بەرگری و پاراستنی ئاسایش جێگیر بکات (دیارە ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بوایە ئەو مافانەی ئۆتۆماتیکی دەبوو).**

**دووەم: گوزارشتی پوخت و روون لە کارەساتی گەلکوژی ئەنفال و پاکتاوەکانی دیکە بکات و یاساییانە بیانخاتە چوارچێوەی سیستەمی پەروەدە و بوارە گونجاوەکانی دیکە.**

**سێیەم: مافی کەمە نەتەوە و گروپە ئەتنی و ئایینیەکان لە بنچینەیاسادا بچەسپێندرێت. پاراستنی بوونیان، پراکتیزەکردنی ئازادییە کەلتوری، ئایینی و ڕامیاریەکانیان یاساییانە بچەسپێندرێت.**

**چوارەم: مافەکانی مرۆڤ، ئازادیەکانی کەس بەپێی جاڕی مافە گەردونیەکانی مرۆڤ (بێئەملا و ئەولا و بێ سنور بۆ دانان) لە بنچینەیاسادا بچسەپێندرێت.**

**پێنجەم: مافە کۆمەلایەتی و ئابوریەکانی کەس لە بنچینەیاسادا بنوسرێن. مافە کۆمەڵایەتیەکان وەکو مافی کارکەنار بوون، چارەسەری بەخۆڕایی، خوێندنی بەخۆڕایی، یارمەتی پەککەوتان هتد. مافە ئابوریەکان وەکو مسۆگەری پاراستنی ژیانی کرێکار، رەخساندنی هەلومەرجی تەندروست و لەباری کار لە کارگەگاندا، ئازادی کار کردن، قەدەغەکردنی دەرکردنی کرێکار لەبەر هۆکاری کەسی یا دور لە هۆکاری بەبەڵگە هتد.**

**شەشەم: یەکسانی ژن و پیاو (بێئەملا و ئەولا و لاکردنەوە) لە بنچینە یاسادا بچەسپێندرێت. فرەژنی قەدەغە بکرێت. نۆرم و نەریتە ئیسلامی و کۆنەکان کە پێشێلی ئازادی ژن دەکەن قەدەغە بکرێن. جۆرەکانی چەوساندنەوەی ژن سزای توندیان بۆ دابندرێت. کۆیلەکردن، ژن ئەتککردن یا کوشتن بە تاوانی گەورە بناسێندرێن و قورسترین سزایان لە بەرامبەردا بۆ دابندرێت. لێرەدا جگە لە سزای زیندانی، سزای ئابوری گرنگە هەبێت.**

**حەفتەم: جوداکردنەوەی ئایین لە ستات بە ڕوونی و بێئەملا و ئەولا. پاساو بۆ نۆرم و یاساکانی ئایینی ئیسلام بە شێوەیەک لە شیوەکان نەهێندرێتەوە. واتە ئایینی ئیسلام بەهیچ شیوەیەک تێکەڵی یاسادانان نەکرێت و هەروەها نەکرێت بە بنچینەیەکی یاسادانان وەکو ئەوەی لە بنچینەیاسای ئێراقدا نوسراوە. بێلایەنی ستات بەرامبەر بە ئایینەکان یاسایی بکرێت. یەکسانی ئایینەکان لە پەیڕەوکردنی ڕێتوال و نەریتی تایبەتیاندا یاسایی بکرێت. بە مەرجێک ئەو ڕێتوال و نەریتە ئایینیانە نەبنە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی کەس.**

**هەشتەم: دارشتنی سیستەمێکی دیموکراسیانە بۆ هەڵبژاردن، پێکهێنانی دەزگاکانی جێبەجێکردن، یاسادانان، هەروەها داد. سیستەمێکی دیموکراسیانە کە مسۆگەری دەسەڵاتی گەل دەکات. سیستەمێکی دیموکراسیانە کە گۆڕینی دەسەڵات دیموکراسیانە یاسایی بکات. یاساییانە سەربەخۆیی ئەو سێ دەسەڵاتە لەیەکتر بچەسپێندرێت. بتوانێ مسۆگەری بوونی**

ئۆپۆزیشیۆن و فرەباوەڕی بکات، مسۆگەری فرەلایەنی بکات، بتوانێ مسۆگەری بوونی کۆمەڵگەی داد و دڵنیایی داد بکات.
دیارە خاڵی دیکەش هەن بەڵام با لێرەدا بوەستین.

ئەگەر واز لە بنچینەیاسایەکی ئایدیالی کوردستانیانە بێنین و سەیری ئەو بارەی باشوری کوردستان کە لەسایەی ڕیکەوتنی یاساییانەی نێوان گروپە ناسیونال و ئەتنیەکاندا هاتۆتەدی بکەین، وادەردەکەوێ کە نوسینەوەی بنچینەیاسای هەرێمی فیدرالی کوردستان بە ناچاری دەبێ ڕەچاوی ئەو سنورانەی کە لە بنچینەیاسای فیدرال بۆی داندراوە بکات. ئەوە جگەلەوەی یەکلاکردنەوەی یەکلایەنەی کێشە گرنگەکانی نێوان کورد و عارەب، هەروەها یەکلایەنە نوسینی لە بنچینەیاسای کوردستان دەکرێ کێشەی بەدواوە بێت. واتە بۆنمونە سنوری کوردستان بۆ ئەرتیکلی 58 و ئەگەرە نادیارەکان جێهێڵدراوە، ئەگەر کورد لەلایەن خۆیەوە ئەو سنورە بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆی لە بنچینەیاساکەی کوردستاندا دیار بکات، ئەوە بێگومان کاردانەوەی دژ لەلایەن عارەبانەوە پێشبینی دەکرێت و ئەگەری کێشە هەیە. سەبارەت بە مافی چارەنوس، ماف لە سەرچاوەی سروشتی، دەسەڵات و ڕادەی سەربەخۆیی هەرێمی فیدرال هتد. بەهەمان شیوە ئەگەری کێشە زۆرە. چونکە ئەگەر کورد لەلایەن خۆیەوە چی پێ باشە بینوسێت، ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەی فیدرال ناتەباش بێت، لەم بارەدا ئەوە پێشێلی بنچینەیاسای فیدراڵە کە کورد خۆی مۆری کردووە. بۆیەش کاردانەوەی دژانەی عارەبان چاوەڕوانکراوە. بنچینەیاسای ئێراق پەسندی بنچینەیاسای ناتەبا ناکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کەوا نابێ هیچ یاسایەک یا بنچینەیاسای هەرێمی فیدرال ناتەبا یا دژی بنچینەیاسای فیدرال بێت.
بنچینەیاسای ئێراقی لە ئەرتیکلی 13 دا بڕگەی 1 دەڵێ "ئەو بنچینەیاسایە یاسای باڵا و بەکارە لە هەموو شوێنەکانی وڵاتدا بەبێ لاکردنەوە". لە بڕگەی 2 دا دەڵێ "نابێ یاسای ناتەبا لەگەڵ ئەو بنچینەیاسایە دەربکرێت. هەر دەقێک لە بنچینەیاساکانی هەرێمەکان ناتەبای ئەو بنچینەیاسایە هاتبێت بەتاڵە. بەهەمان شێوە هەر دەقێکی یاسایی دیکەی ناتەبا بە بەتاڵ دەژمێردرێت".
ئەرتیکلی 117 (لە دەقە ئینگلیزیەکە 119) دەڵێ "پەرلەمانی هەرێم بنچینەیاسای هەرێم دادەڕێژێ، پێکهاتەی دەسەڵاتی هەرێم دیار دەکات، توانا و دەسەڵاتی دیار دەکات، چۆنیەتی پەیڕەوکردنی ئەو دەسەڵاتە دیار دەکات، بە مەرجێ دژی ئەو بنچینەیاسایە نەبێت".

وەکو بنچینەیاسای ئێراقی چەسپاندوویەتی، یاسای ناتەبا یا دەقی ناتەبا لەگەڵ بنچینەیاسای گشتی بە بەتاڵ دادەنێت. ئەوەش واتای ئەوەیە نەک هەر ئەو بابەت و کێشانە کە پەیوەندیان بە کێشەی نێوان کورد و عارەب هەیە، هەروەها پەیوەندیان بە بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی کوردستان هەیە دەگرێتەوە، بەڵکو ئەو بوارانەی دیکەش کە پەیوەندیان بە ڕۆڵی ئایین، هەروەها مافەکانی مرۆڤ و ئازادی گوتن و دەربڕینەوە هەیە دەگرێتەوە. بەو پێیە، بۆنمونە یاساییانە تەریککردنی ئایینی ئیسلام لە کاروباری یاسادانان لە هەرێمی فیدرالدا، بە بەتاڵ دادەندرێت، چونکە ناتەبایە لەگەڵ بنچینەیاسای فیدرال، کە ئایینی ئیسلام بە بنچینەیەکی یاسادانان دادەنێت و یاساییانە تێکەڵی کاروباری ستات کراوە. نمونەیەکی تر ئەگەر لە بنچینەیاسای کوردستاندا ئەو گەمارۆ و سنورانەی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادی گوتن داندراون لابردرێت، ئەوا دیسان تووشی ناتەبایی لەگەڵ بنچینەیاسای فیدرال دەبێت. بەمشێوەیە ئەو دەقەی بنچینەیاسای هەرێم بە بەتاڵ دادەندرێت و ئەوەی بنچینەیاسای ئێراق سەردەست دەکرێت.

ئەوەی جێگای سەرنجدانە گەلێ لە دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان، لە چەندین بۆنەدا بە ڕاکشاوی گوتوویانە، کەوا ئەوان لە بنچینەیاسای کوردستاندا ئەوە دەنوسن کە لە بنچینەیاساکەدا نەیانتونیوە بینوسن. یا چیان پێ باشە ئەوە دەنوسن، یا ئەوە دەنوسن کە لە ئاست داخوازیە ناسیونالیستەکانی کوردستان دایە. دیارە لێکدانەوەی ئەوان بۆ بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی کوردستان هێشتا دیلی کەلتوری ئۆتۆنۆمیخوزاییە و جیاییە لەوەی خەڵک ئاواتی بۆ دەخوازێت، بەڵام کە ئەوان ئەوە دەڵێن، ئەوە لەلایەک هێما بۆ ناتەباییان لەگەڵ بنچینەیاسایەک دەکات کە خۆیان مۆریان کردووە، لەلایەکی دیکە هێما بۆ خوێندنەوەیەکی جیا لەوەی لەسەری ڕێککەوتوون دەکات. وەکو ئاماژەمان بۆیکرد بنچینەیاسای گشتی ڕەتی دەقی ناتەبا دەکاتەوە، کەچی دەسەڵاتدارانی کورد ئاماژە بە مافی نوسینی دەقی جیا دەکەن (بە گوتن بەلایەنی کەم). بۆیە مرۆ بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی دەرکەوتنی بنچینەیاسای کوردستان دەکات و دەپرسێ ئایا چۆن دەکرێ دەقی ناتەبا بنوسرێت، لە بارێکدا ئەوان خۆیان مۆریان کردووە کاری وا نەکەن؟ ئەگەر ئەوە

کرا کاردانەوەکان چی دەبن؟ ئایا سەرانی دەسەڵاتدار وەکو شانۆگەری پێشنیاری مافی چارەنوسەکە[3] هەر زوو دەقە ناتەباکان لا دەدەن و قروقەپی لێدەکەن؟!

با واز لەوانە هەمووی بێنین، وەکو هەر کوردستانیەکی ئازادیخواز دەیخوازێت، هیوادارین بنچینەیاسای کوردستان ئەوپەڕی کورستانی و سەردەمانە بێت. بەڵام ئەگەر واش بوو ئایا کاری پێدەکرێت؟ بەداخەوە ئەزموونی ڕابردووی نزیک و ئێستا وەڵامی دڵخۆشکەریان لا نییە . دیتمان دەسەلاتداران دوو بنچینەیاسای کاتی و هەمیشەییان مۆرکرد، کەچی ئەوان ئێستاشی لەگەڵ دابێت، هەروا پەیڕەوی یاسای بەعسیانە یا یاسای هەموارکراوی نادیموکراسیانە دەکەن. ئەو هەموو خاڵ و بڕگەیەی سەبارەت بە ئازادی کەس و مافەکانی مرۆڤ کە لە بنچینەیاساکان نوسراون تا ئێستا هیچ قورساییەکیان نییە و نەبووە. پارتی دەسەڵاتدار چۆنی دەخوازێ وا هەڵسوکەوت دەکات. پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ژمار نایەت، کەچی داد و یاسا لە ئاست دەسەڵاتداراندا بەهیچ ناچێت. ئەوە جگەلە خاڵ و برگەکانی دیکە کە پەیوەندیان بە بوار و لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە هەیە. بۆنمونە دەسەڵاتدارانی باشور دەسەلاتی بەڕێوەبردنیان لەسەر بنچینەیەکی دیموکرسایانەی سەردەمانە پێک نەهێناوە، بەڵکو لەسەر بنچینەی ڕێکەوتنی نێوان دوو پارتی دەسەلاتدار. هەروەها هەروەکو ڕۆژانە دەبیینین، لەگەلێ بۆنەدا سەرکردەکان بە گوتن گەلێ وشەی جوان ڕیزدەکەن و بە دەسەڵاتی یاسا و سیستەمی دیموکراسیدا هەڵدەدەن، بەڵام بەکردەوە ڕێک دژی ئەو گوتانەن.
بەگوێرەی ئەو ئەزموونەی کە گەلی کوردستان لەگەڵ ئەو دەسەڵاتدارانە هەیەتی، وا پێدەچی بنچینەیاسا هەرچەندی باش و پێشکەتوخوازیش بێت، کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر کردەوە و تێگەیشتنی ئەو دەسەڵاتدارانە نابێت. بەمجۆرە گومان لەوەدایە لە ماوەیەکی کورتدا سودێکی ئەتۆ بە ڕەوتی دیموکراتیزەکردن لە کوردستاندا ببەخشێت. بەلایەنی کەم تاوەکو خێڵەکیزم، پاوانکاری، پارتپەرستی، فەرمانڕەوایی پارت و ڕەوتی داسەپاندن بوونی هەبێت. بەڵام بێگومان بوونی بنچینەیاسایەکی باش ئەگەر ئێستاش کاری پێنەکرێت، دەکرێ بۆ داهاتوو سوودی باش بگەیەنێ و ببێتە پاڵپشتێکی بەهێزی هاتنکایەی سیستەمێکی دیموکراسی لە دوا ڕۆژدا. بەپێچەوانەوە ئەگەر خراپ بێت، دەبێتە کۆسپ و پێشگری گەلێ هەنگاوی پێویست لە گەلێ بواردا، هەروەها دەبێتە پێشگر لەبەردەم گۆڕانە پێویستەکاندا. هەروەها بەئەگەری زۆر گۆڕینی بنچینەیاساکی خراپ (لەو کەشە ڕامیاریەی ئێستا و ڕەنگە چەندین ساڵی تر) کارێکی ئاسان نابێت.

لەکۆتاییدا سەبارەت بە نوسینەوەی بنچینەیاسا بە زمانی عارەبی، ئەوە ڕووداوێکی سەیر نییە، ئەگەر بزانین دەسەڵاتداران و هەودارانیان پەروەردەی کەلتوری خۆگونجاندن و وابەستەیین. بەگشتی کەلتوری وابەستەیی و ئۆتۆنۆمیخوازی کەسایەتیەکی لاواز و نابووتی ناسیونالیستانەیان بۆ مرۆڤی کورد بەرهەم هێناوە. هەربۆیەش دەسەڵاتداران (کە کار بۆ هێشتنەوەی ئەو کەلتورە دەکەن) زۆریان لا ئاساییە زمانی نەتەوەی داگیرکەر لە زمانی نەتەوەی خۆیان بە گرنگتر بزانن و وەکو زمانی باڵادەستی یاسا سەیری بکەن. لایان ئاسایی بێت بە زمان و مەنتالێکی عارەبیئامێزانە بیربکەنەوە و یاسا بنوسن. نوسینەوەی بنچینەیاسای کوردستان بە زمانی عارەبی، تەنها نمونەیەکە لەناو دەیان و سەدان دیاردەی لەو شێوەیە کە لە باشوری کوردستاندا دەکەونە بەرچاو، ئەوەش ئاماژە بە کەسایەتی لاوازی ناسیونالیستانەی مرۆڤی کورد بەگشتی و دەسەڵاتداران بەتایبەتی دەکات.

2006.6.27

---

[1] شایانی گوتنە سایتی دەنگەکان بەشێکی تایبەتی بۆ بنچینەیاسای کوردستان تەرخان کرد و لەوبارەیەوە کۆمەڵێ پرسیاری ئاراستەی گەلێ لە نوسەران کرد. گەلێ وتاری باش هەر لەوێ بڵاوکرایەوە. ئەوەی لێرەدا گوتراوە جگەلەوەی وەڵامێکی درەنگی سایتی دەنگەکانە، هەروەستەیەکیشە لەسەر پێشهاتە نوێکان. گومان لەودا نییە کەوا نوسەران و ڕۆشنبیران لە سایتەکانی دیکە، هەروەها گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا لەسەر هەمان بابەت نوسیویانە.

[2] بنچینەیاسای ئێراقی، دان بە بنچینەیاسایەکی ناتەبای خۆی نانێت. هەروەها دان بە مافی چارەنوسی گەلی کوردستان نانێت، سنور بۆ ئازادی دادەنێت، ئیسلامی کردۆتە بنچینەیەکی یاسادانان و بەگشتی ئیسلامپاریزانە نوسراوەتەوە. دیارە کۆمەڵی خاڵی دیکە هەن لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی کوردستان ڕێک نین.

[3] لە مانگی ژوڵای 2005 دا نوێنەرانی یەکێتی و پارتی پێشنیاری نوسینی مافی چارەنوسیان لە بنچینەیاسای ئێراقدا کرد، بەڵام لەلایەن عارەبان ڕەتکرایەوە. نوێنەرانی کوردستان چیتر لێی نەدوان، بێدەنگیان لێی کرد و هیچ کاردانەوەشیان نەبوو.